# گەلانی ئەودیوی سنوورەکان

کاتلین نایت لە زانکۆی ویلایەتی میزۆری و دەڤید ڕۆمانۆ لە زانکۆی ویلایەتی میزۆری

https://doi.org/10.1093/acrefo/9780190846626.013.638

بە شێوەی ئانلاین بڵاوکراوەتەوە: ١٥ی سێپتامبری ٢٠٢٢

لە ئینگلیزییەوە: لەیلا سەمەدی

**پوختە**

گەلان و دەوڵەتان وەک قەوارەگەلێگ کە لەسەریەک کەوتوون، پەیوەندییەکی ئالۆزیان پێکهێناوە، هەم قازانجدار و هەم زیانبەخش. دەوڵەتان بەچاکە سەیری گەلان دەکەن کاتێک ئەمەگی دەوڵەت لە پێوەندی یەکێتی نەتەوە باڵادەستەکەیەوە لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتدا گەشە دەکات، بەڵام ئەم حکومەتانە ڕەنگە نەتەوە کەمینەکانیش وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتی دانیشتووانیان سەیر بکەن. بەهەمانشێوە، گەلان دەتوانن لەو پاراستنە ئەمنیەتی و یاساییەی کە دەوڵەتداری پێشکەشی دەکات، سوودمەند بن (وەک حاڵەتی دەوڵەت-نەتەوە) بەڵام ڕەنگە ببنە قوربانی ئەو دەوڵەتانەی کە سنوورەکانیان لەناو سنوورەکانیاندا جێگیر بوون. ئەم حاڵەتی دووهەمە ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە لەو دەوڵەتانەدا نیشتەجێ بوون کە خۆیان لەگەڵیاندا پێناسە ناکەن و دامەزراوەکانیان نوێنەرایەتییەکی گونجاو بۆ ئەو نەتەوە دابین ناکەن. ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانەوێت دانیشتووانیان یەکدەست بکەن بۆ دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە، هەندێکجار کۆمەڵگە کەمینەکانی وەک ئەمانە وەک بەربەستێک لەبەردەم ئامانجەکەیان سەیر کردوون و ڕێوشوێنی توندیان بەکارهێناوە بۆ نەهێشتنیان لە ناو سنوورەکانیانەوە. جگە لە شێوازگەلی زیرەکانەی(ورد) ئاسمیلەکردنی زۆرەملێیانە، وەک قەدەغەکردن لایەنە کولتورییەکانی کەمینەکان و جێبەجێکردنی پەروەردەکردنەوەی زۆرەملێ، هەندێک لە دەوڵەتەکان پاکتاوی نەتەوەیی و جینۆسایدیان وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی دەوڵەت-نەتەوە زیاد کردووە. بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر خراپبەکارهێنانی کۆمەڵگە کەمینەکان کە بەهۆی ئەم ڕووداوانەوە پێکهێنراون، پێویستی بە تێگەیشتن لە ئەکتەرە جیاوازەکانی یارییەکە هەیە. لە کاتێکدا دەستەوشەگەلی "نەتەوە"،"دەوڵەت" و "دەوڵەت-نەتەوە" لە تەواو ڕاپۆرتە میدیاییەکان، وتوویژی گشتی و هەندێک بواری ئاکادیمی لەبریەکتر بەکاردەهێنرێن، پێویستە تیشک بخرێنە سەر مانا جیاوازەکانیان. لە کاتێکدا بوون بە دەوڵەت بریتییە لە جێبەجێکردنی پێوەرە تایبەتەکان، بەڵام پەرەپێدانی بوون بە نەتەوە وانیە. نەتەوەکان بەشێوەی جۆراوجۆر بوونیان هەیە و زۆرجاریش لە هێڵەکانی دەوڵەت دەپەڕنەوە. بۆ زۆرێک لە گەلان سنوورە جیۆپۆلەتیکیەکان سەرەتا و کۆتایی پێکهاتەکانیان دیاری ناکەن. ئەم نەتەوە و گروپانە مەیلیان هەیە لە سەرانسەری خاکی چەند دەوڵەتێکدا (نەتەوەی فرەدەوڵەت) و یان شانبەشانی زۆرێک لە نەتەوەکانی دیکە لە سنووری یەک

دەوڵەت (دەوڵەتی فرەنەتەوەیی)دا بوونیان هەبێت. داننان بە ڕۆڵی دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان و گەلانی فرەدەوڵەت لە سیستەمی جیهانیدا، لەسەر توانمەندی جیاکردنەوەی "نەتەوە" و "دەوڵەت" جێگیرە. بەمپێیە، تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان ئەم دەستەوشانە هەنگاوی یەکەمە بۆ باسکردنی ئاڵۆزییەکانی کارلێکەکانی نێوان نەتەوەکان، دەوڵەتەکان و دەوڵەت-نەتەوەکان.

سەروشەکان: نەتەوە، دەوڵەتداری(دەوڵەتبوون)، دەوڵەت-نەتەوە، بنیاتنانی نەتەوە، پاکتاوی نەتەوەیی، پێکهاتە کەمینەکان، سەروەری، نەتەوەی فرەدەوڵەت، دەوڵەتی فرەنەتەوە.

بابەتەکان: مافی مرۆڤ، ناسنامە، پەیوەندی سیاسی

میدیاکان، وتووێژی گشتی و تەنانەت بابەتە ئەکادیمیەکانیش زۆرجار هەر سێ دەستەوشەی "نەتەوە"، "دەوڵەت" و "دەوڵەت-نەتەوە" وەک هاوواتای "وڵات" مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. نەک هەر کەسانی ئاسایی بەڵکو ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی لە بواری ئەکادیمیادان بە بەردەوامی و بە هەڵە ئەم وشانە جێگرەوەی یەکتری دایدەنێن. سەرەڕای بەکارهێنانی باوی "نەتەوە"، "دەوڵەت" و "دەوڵەت-نەتەوە" وەک هاوتا، ئەم دەستەوشانە ئاڵوگۆڕیان پێ‌ناکرێت و جیاوازییەکانیان دەرکەوتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرچاویان بۆ ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا هەیە. پێناسەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو وەک "نەتەوە"یەک دەتوانێت چۆنیەتی سەیرکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگۆڕێت، و یارمەتی بدات بۆ بەدەستهێنانی جیاووکگەلی جۆراوجۆر کە بۆ غەیرە نەتەوەکان کە لە بەردەستیاندا نیە. پێناسەکردنی کۆمەڵگا وەک نەتەوە، دەرخەری پلەیەک لە قبوڵکردنە سەبارەت بە ڕەوابوونی و مافی خۆی بۆ بەدواداچوونی چارەنووسی خۆنووسین، یان تەنانەت سەربەخۆیی ئەگەر نەتەوەکە دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی نەبێت. بەهەمانشێوە دانپێنان بە "دەوڵەتبوون" دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی بەرچاو دەبەخشێت بەو پێیەی دەوڵەتەکان یاریزانی سەرەکین لە گۆڕەپانی جیهانیدا. سەرەڕای ئەمە، ناونانی دەوڵەتێک بە "دەوڵەت-نەتەوە"، گریمانەیەکە لەبارەی یەکدەستبوونی دانیشتووانەکەی یان لانیکەم کام نەتەوە لەناو دەوڵەتێکدا لەوێدا باڵادەستی دەکات. ئەمەش دەتوانێت کێشەدار بێت؛ ئاماژەکردن بە دەوڵەتێک کە لە زۆرێک لە گروپەکان پێکهاتووە وەک "دەوڵەت-نەتەوە"، هەبوونی جیاوازی لەناو سنوورەکانیدا کەم دەکاتەوە. بەمپێیە ئاگایی لە جیاوازییەکانی نێوان ئەم دەستەوشانە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە سیاسییەکانی یارییەکە گرینگە.

بۆ تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی نێوان نەتەوەکان، دەوڵەتەکان و دەوڵەت- نەتەوەکان دەبێت لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان ئەم قەوارانە تێبگەین. نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بە سەر یەکترەوە جێگیر بوون، و کۆمەڵێک دۆخی جیاواز دروست دەکەن کە تێیدا کارلێک دەکەن. دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی(دەوڵەت-نەتەوە)، کە سنوورە جیۆپۆلیتیکییەکانی دەوڵەت و ئەو ناوچەیەی

کە نەتەوەکەی تێیدا نیشتەجێیە، نزیکەی بە تەواوی هاوجووتن، ڕەنگە ئامانجی دەوڵەت و نەتەوەکان بەیەک شێوە بێت بەڵام زۆرجار جێبەجێ نابێت. بەشێوەی گشتیتر، دەوڵەتەکان چەندین نەتەوەی جیاواز لەخۆدەگرن (واتە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیی)، لە کاتێکدا، هاوکات نەتەوەکان دەتوانن لە زیاتر لە دەوڵەتێکدا (واتە نەتەوەیەکی فرەدەوڵەت) بوونیان هەبێت. سەرەڕای نایەکدەستبوونی دانیشتووانیان، دەوڵەتەکان ڕەنگە هەوڵ بدەن دەوڵەت-نەتەوەیەکی یەکگرتووتر دروست بکەن. هەرچەندە ڕەنگە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە تایبەتی بۆ هەموو دەوڵەتەکان جێبەجێ نەبێت، بەڵام بۆچوونەکانیان (و مامەڵەکردنیان) لەگەڵ گروپە کەمینەکان لە خاکەکانیاندا ئاراستەی پەسەندکراو بۆ گەشەپێدانیان نیشان دەدات.

هەردوو واتە نەتەوە و دەوڵەت ئەو سوودانە  کە ئەوی بەرامبەر دەتوانێت بیدات، هەروەها ئەو مەترسیانەی کە دەتوانن دروستی بکەن، دەناسن. بۆ زۆرێک لە گەلان گەیشتن بە دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان وەک بەرژەوەندییەک دەبیننەوە، ئەگەر لە ڕاسەریشیاندا نەبێت. لە لایەکی دیکەوە ئەو گەلانەی کە لە سنووری ئەو دەوڵەتانەدا بوونیان هەیە کە خۆیان لەگەڵیاندا پیناسە ناکەن، دەتوانن ئەو مەترسییە ببینن کە دەوڵەت بۆ بەردەوامبوونیان دەیخاتە ڕوو. دەوڵەتان بەهەمانشێوە لە بەکەڵکبوونی هەبوونی نەتەوەیەکی باڵادەست یان دانیشتووانێکی یەکدەست بەستراو بە خۆیانەوە تێدەگەن، چونکە ئەمە دەتوانێت بەئەمەگی و پشتیوانی بۆ دەوڵەت و کاروبارەکانی دابین بکات. بەهۆی ئەمەوە ڕەنگە گەلانی کەمینە لەناو سنوورەکانیان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتی دەوڵەتی خۆیان ببینن. هەندێک لە دەوڵەتان بەرامبەر بەم هەڕەشە هەستپێکراوە بەشێوازەکانی ئاسمیلەکردنی زۆرەملێ لە وردەوە(زیرەکانە) تا توند کاردانەوەیان هەبووە. پەروەردەی ستاندارد وەک ئامرازێکی بەکارهێنراوی باو بۆ پاڵنانی خوێندنەوەی(گێڕانەوەی) نیشتمانی خزمەت دەکات. چاپی بەکۆمەڵ و کاریگەری میدیا بە هەمان شێوە یارمەتی دەوڵەتەکان بەشێوەیەکی ورد و زیرەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەدات. لەکۆتایی ئەم تارماییەدا، دەوڵەتەکان شێوەگەلی توندیان وەک پاکتاوکردنی نەتەوەیی و جینۆسایدیان بەکارهێناوە بۆ سڕینەوەی کۆمەڵگا و کولتوورە کەمینە "نەخوازراوەکان" لە سنووری دەوڵەتەکانیاندا. بە بەکارهێنانی ئەم شێوازانە لە دژی کەمینە نەتەوەییەکان، لە لایەن دەوڵەتەکانەوە لە هەندێک کاتدا کاردانەوەی توندی دانیشتوانی سەرکوتکراویان لێکەوتووەتەوە، و ئەمەش توخمێکی دیکەی دروستکردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان نەتەوەکان، دەوڵەتەکان و دەوڵەت-نەتەوەکان. لەلایەکیترەوە هەندێک دەوڵەت وەک کەنەدا و سویس دانیشتوانی فرەنەتەوەیی خۆیان بەرز دەنرخێنن و هەوڵ دەدەن کولتوورێکی دەوڵەتی لەسەر بنەمای فرەنەتەوەیی دروست بکەن.

دەوڵەتان

لە نێو ئەو سێ قەوارەدا، ڕەنگە دەوڵەتەکان بۆ ناسینەوە ئاسانترین بن، هەرچەندە هەندێکیان هەن کە وەک زۆربەیان بە ڕێکوپێکی پێوەرەکان بەدی ناهێنن. دەوڵەتانی مۆدێرن چوار تایبەتمەندی بنەڕەتییان هەیە کە دەوڵەتبوونی خۆیان دەسەلمێنن: هەرێمی سەروەری(دەسەڵاتدارێتی)، دانیشتووان، حکومەت و دانپێدانانی یاسایی. ئەم پێوەرانە لە بەرهەمی زانایانی سەرەتایی و مۆدێرن وەک نیکۆلۆ ماکیاڤێلی، مارتن لوتێر، جان بۆدین، تۆماس هۆبس، جۆن لۆک و جاک ڕۆسۆ پەرەی پێدراوە. بۆ دەستپێکردن، "دەوڵەت" ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک دامەزراوە کە فەرمانڕەوایی خاکێکی(هەرێمی) جوگرافی و دانیشتووانێکی هەمیشەیی دەکەن (Weber, 1946). هەرێمی دەوڵەت سنوورەکانی و گەیشتن بە دەسەڵاتەکەی دیاری دەکات. دەوڵەت لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا، پێویستە قۆرخکاری هەبێت لەسەر بەکارهێنانی بەرەوای هێز و توندوتیژی (Weber, 1946) و بەم پێیەش، تا پلەیەک کۆنترۆڵی دانیشتووانەکەی بەدەستەوە دەگرێت. دەستێوەردانی دەرەکی لە "پرسەکانی ناوخۆیی دەوڵەت" لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕەتدەکرێتەوە، چونکە دەوڵەتەکان لە ڕووی یاساییەوە بە ئۆرگانێکی سیاسی سەروەر(حاکم) دادەنرێت. زۆرێک لە ئۆرگانە ئیدارییە بچووکەکانی ناو دەوڵەت لە سەروەری(دەسەڵاتدارێتی) بەهرەمەند نین، هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە گەورەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، بەو پێیەی دەوڵەتەکان زێدەڕەوییەکانی ئەو جۆرە دەسەڵاتە "سەروونەتەوەییە"(supranational) ڕەتدەکەنەوە (بە هەندێک جیاکاری دەگمەن و بەشەکی، وەک یەکێتی ئەوروپا). ئەم چەمکە لە سەروەری دەوڵەت هەمیشە نۆرم(ڕێسا) نەبووە. ئاشتیی وێستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ بەگشتی بە دەستپێکردنی نۆرمی "دەستوەرنەدان لە پرسە ناوخۆییەکانی دەوڵەت" و سەرهەڵدانی سیستەمی دەوڵەتە سەروەرە مۆدێرنەکان دەناسرێت (هەرچەندە هەموویان لەگەڵ ئەم ناونانەدا نین- بۆ نموونە بڕوانە کراسنەر (Krasner 1999) زلهێزە گەورەکانی ئەوروپا بە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی شەڕی سی ساڵە و شەڕی هەشتا ساڵە، زنجیرەیەک پەیماننامەی ئاشتییان واژۆ کرد، کە تێیدا لەسەر دانپێنانان بە سەروەری تەواوی خاکی یەکتر ڕێککەوتن. لەگەڵ ئاشتیی وێستفالیا، سیستەمێکی نوێ لە تەکوزیی سیاسی کە لە دەوری دەوڵەتە سەربەخۆ و پێکەوەژیانەکان خڕ بووەوە، لە ئەوروپا دەستی بە گەشەکردن کرد. ئەم ڕێسا وێستفالییە کە ڕێگە بە دەوڵەتان دەدات حوکمڕانی ناوخۆیی تایبەت بەسەر دانیشتووان و خاکەکەیاندا هەبێت، تا سەدەی بیست و یەکەم وەک بنەمای سیستەمی نێودەوڵەتی بەردەوامە.

دەوڵەت لە چوارچێوەی سەروەریی خاکی خۆیدا لە ڕێگەی سیستمی حکومەتەوە ڕێساکانی خۆی دادەنێت و جێبەجێی دەکات، ئەمەش سێهەمین تایبەتمەندیی پێویستیی دەوڵەتبوونە. بە شێوەی گشتی پلەبەندیی حکومەت بۆ دەوڵەت هەیە، کە لق و بەشە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت، لەوانە کەرتی سەربازی، پۆلیس، یاسایی، پەروەردەیی، ژێرخانی و تەندروستی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوان. وەک دەزگای بڕیاردانی یاسایی بۆ هەرێمی دیاریکراو، حکومەتی دەوڵەتەکان شێوازگەلێک بۆ

دابینکردنی بودجەی ئەم پرۆژانەی دەوڵەت دروست دەکات، وەک سیستەمگەلی باجدانەوە. پاشان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی یاسایی دان بەم جەستەی حکومەتەدا دەنێت (چ دیموکراسی بێت، ئۆلیگارشی بێت، تیۆکراتی بێت و هتد)، کە مەرجی چوارەم بۆ دەوڵەتبوون جێبەجێ دەکات. بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتەکەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراوە، ئەوا دەوڵەت توانمەندی ئەوەی هەیە بچێتە ناو پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە.

لە زۆربەی حاڵەتدا دەوڵەت پێویستی بەم تایبەتمەندیانە هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتبوونی بناسێنرێت. سەرەڕای ئەوەش، ئاوارتەگەلێک هەیە. هەندێک دەوڵەت کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراون و هەن، قۆرخکارییەکی گونجاو و تەواویان نییە لەسەر بەکارهێنانی هێز لە سنوورەکانیاندا. بۆنموونە تارادەیەکی جیاواز، سەحرای ڕۆژئاوایی، فەلەستین، سۆماڵی و قوبرس، هەموویان بە دەوڵەت دادەنرێت، سەرەڕای ئاستی جیاوازی کۆنترۆڵکردنیان (یان نەبوونی هیچ کۆنترۆڵێک بە هیچ شێوەیەک) بەسەر دانیشتووان و خاکەکەیاندا. بەهەمانشێوە حکومەتەکانی زۆرێک لە دەوڵەتەکان خزمەتگوزارییەکی پێویست پێشکەش بە دانیشتووانیان ناکەن، لەوانە حاڵەتەکانی وەک زیمبابۆی، ئەفغانستان، لوبنان و عێراق، کە دەبێتە هۆی حاڵەتەکانی "ڕووخانی دەوڵەت"،(بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەوڵەتە دارِماو و شکستخواردووەکان، بڕوانە Acemoglu & Robinson , 2012; Beissinger & Young, 2002; Kaplan, 2008; Rotberg, 2003, 2004; Taylor, 2013; Zartman, 1995). جگە لەوەش هەندێک دەوڵەت(some administrations)کە سەروەرییان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانەنراوە، ئەم پێوەرانەیان باشتر بەدیهێناوە لە چاو دەوڵەتانی سەروەری ئێستا کە دانیان پێدانراوە. ئەم جۆرە "دەوڵەتانەی دیفاکتۆ" کە هەوڵدەدەن بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە دەوڵەتبوونی خۆیان، بۆ نموونە بریتین لە قوبرسی باکوور، هەندێک لە هەرێمەکانی پێشووی سۆڤیەت،سۆمالیلاند و لە هەندێک کاتدا، کوردەکانی عێراق (2017)، سوریا، و ئێران (1946). هەندێک دەوڵەتی سەربەخۆ، وەک ئیسرائیل، دانپێدانانی فەرمییان لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرتووە، بەڵام هێشتا لەلایەن ژمارەیەک دەوڵەتی دیکەوە بەفەرمی نەناسراون. هەندێکی تر وەک تایوان بینیویانە کە دانپێدانان و سەربەخۆیی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا کاڵ دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەمیشە هەموو پێوەرێک بۆ بەدەوڵەتبوون بەدی ناهێنن، هەندێک لە دەوڵەتە شکستخواردووەکان هێشتا بەهرەمەندن لە دانپێدانان و سەروەری نێودەوڵەتی، لەکاتێکدا زۆرێک لە "دەوڵەتەکانی دیفاکتۆ" کە ڕەنگە باشتر لەگەڵ پێداویستییەکان بگونجێن، بە دەوڵەت نایانناسن. بەلەبەرچاونەگرتنی ئەم ناتەباییە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوامە لە ئاماژەدان بەم پێوەرانە بۆ دیاریکردنی دەوڵەتبوون.

نەتەوە

له بەرامبەردا پێناسەی "نەتەوە"، کەمتر بە ئاسانی ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت. بۆ دەستپێک، زۆرجار دەوترێت نەتەوەیەک بە مێژوو، کولتوور، ئیتنیسیتە، زمان، ئایین، خواستە سیاسییەکان و یان بەستراوبوون بە ناوچەیەکی جوگرافی هاوبەشی گەلێک دیاری دەکرێت (وەک ئەو پێناسانەی کە لەلایەن گویبێرناو، ١٩٩٦ەوە دەدرێت). دەکرێت نەتەوە وەک کۆمەڵێک خەڵک سەیر بکرێت کە ڕەنگە خۆیان لە بەها و داب و نەریت و دامەزراوە بەکۆمەڵەکانیاندا وەک جیاواز ببینن و بەم شێوەیەش خۆیان بناسێنن وەک گروپێکی ناوازە. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە خۆیان بە بەشێک لە پارچەیەکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو بزانن بەهۆی هاوبەشی نیشتمانی یان خاڵی بنچینەیی یەکسان. لە بنەڕەتدا هەستی گشتی یەکگرتوو لەسەر بنەمای ئەزموونێکی بەکۆمەڵ و ئامانجە هاوبەشەکان نەتەوەیەک پێناسە دەکات. کاتێک ئەندامانی زۆری کۆمەڵگەیەک هەست دەکەن کە گروپێکی ناوازەی لەوشێوە پێکدەهێنن، نەتەوەیەک گەشە دەکات (Norman, 1999). بەڵام هەندێک لە توێژەران بەتوندی دژی هەر هەوڵێکن بۆ پێناسەکردنی نەتەوەیەک، بەو باوەڕەی کە ئەمە ئەو شتە دووبارە دەکاتەوە کە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگە و ئایدۆلۆژیایەکی داهێنراو و خەیاڵییە(Gellner, 1964, 1983).

بەشێک لە سروشتی ئاڵۆزی پێناسە(ەکان)ەکەی ئەوەیە کە بە پێچەوانەی دەوڵەتەکانەوە، هیچکام لە تایبەتمەندییەکانی "نەتەوەیەک" بە تەواوی جەوهەری(بنچینەیی) نین. بۆ بوون بە دەوڵەت، هەر چوار توخمەکە (واتە دانیشتووان، کۆنترۆڵی هەرێمێک(خاکێک)، حکومەتێک کە دانیشتووان قەرزداری لایەنگریی بن، دانپێدانانی یاسایی لەلایەن دەوڵەتەکانی ترەوە) بەپێویستی دەزانرێت (تەنانەت ئەگەر دواتر لەدەست بدرێت، وەک لە دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا). بە "نەتەوە" هەژمارکردن، مەرجی توندی وا لەخۆناگرێت. ڕەنگە نەتەوەیەک ئایین، زمان، یان پەیوەندییەکی دیکەی هاوبەشی نەبێت، بەڵام هێشتا دەتوانرێت وەک نەتەوەیەک سەیر بکرێت. خەڵکی ئاسام کە ویلایەتێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستان، بەهۆی شێوازی ژیانی هاوبەشیان و بەکارهێنانی زمانی ئاسامی خۆیان وەک زمانی هاوبەشی چەند نەتەوەیەک(lingua franca) لە ناوچەکەدا، سەرەڕای ئەوە کە پێکهاتووە لە چەندین گروپی نەتەوەیی کە بەدرێژایی سەدەکان یەکیان گرتووە و لایەنگرانی ئایینی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن (زۆرینەیان هیندۆ، موسڵمان و مەسیحی). گرووپە نەتەوەییە جیاوازەکانی ناو ئاسام زۆرجار بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی ئاسامی وەک زمانی زگماکی خۆیان قسە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گرووپە هەستیان بە پەیوەندییەکی ئەوتۆ کردووە کە بتوانن لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە پرۆژەیەکی جیابوونەوەی ناسیۆنالیستی لە هیندستان بەڕێوەببەن. گەلی ئاسام تەنیا نییە کە نموونەی ئەم نەرمییە لە پێناسەی "نەتەوە"، ئەنوێنێ، چونکە زۆرێک لەو گروپانەی کە لە پێگەی نەتەوەیی سوود وەردەگرن، هەندێک لەو تایبەتمەندییە کۆنکرێتییانەیان نییە کە زۆرجار پەیوەستن بە

گەلانەوە. شتێکی ئاساییە کە نەتەوەیەکی دیاریکراو هەموو ئەو نیشانانە لەخۆ نەگرێت کە بۆ وەسفکردنی نەتەوەکان بە گشتی بەکاردەهێنرێن.

وەک تایبەتمەندییەکانی دیکەی نەتەوەکان، بەدواداچوون بۆ خۆبەڕێوەبەری ناتوانرێت بۆ پێناسەکردنی "نەتەوەیەک" خۆی لەخۆیدا بەکاربهێنرێت، چونکە هەموو گروپێک کە وەک نەتەوەیەک خۆیان دەناسێنن، ئاواتەخوازی سەربەخۆیی یان تەنانەت ئۆتۆنۆمی هەرێمی نین(تەنانەت ئەگەر زۆربەیان ئاواتەخواز بن). بەڵکو هەندێک لە بزووتنەوەکانی گەلان ڕێبازێکی جیاواز دەگرنەبەر، وەک داواکاری گەلی ڕۆمانییەکان بۆ "پێگەی نەتەوەی ناهەریمی"(nonterritorial nation status ). لەبنەڕەتدا بزووتنەوەی ڕۆمانی خوازیاری خۆبەڕێوەبەری و ئۆتۆنۆمی دەکات بەبێ ئەوەی ئیدیعایەک بۆ ناوچەیەکی جوگرافیای دیاریکراو بکات و نە بەدوای دەوڵەتداریدا بگەڕێت. لە ڕێگەی ئەم "پێگەی نەتەوەی ناهەرێمی"ەوە، ڕۆمانیەکان دەتوانن سوود لە پێگەیەکی نەتەوەیی وەربگرن، وەک بەدەستهێنانی هەندێک پاراستنی یاسایی و هەبوونی دەرفەتی بەشداریکردن لە هەندێک کۆڕبەندی نێودەوڵەتیدا، بەبێ ئەوەی بارگرانی داواکارییەکی هەرێمی لەسەر بێت.

بە شێوەی ئاسایی نموونەکانی ڕۆمانی و ئاسامی، یەک نەتەوە هەموو تایبەتمەندییەکی مومکین نیشان نادات کە بۆ ناسینەوەی نەتەوەکان بەردەستە. بەمشێوەیە ڕەنگە مرۆڤ پرسیار بکات کە چ تایبەتمەندییەکی هاوبەش لە نێوان هەموو ئەم گەلانەدا هەیە بۆ دیاریکردنی نەتەوەیی خۆیان. واکێرکۆنۆر(Walker Connor) جەخت لەوە دەکاتەوە کە چۆن هەستی هاوبەشی ئەندامانی نەتەوەیەک بەڕاستی تایبەتمەندی پێناسەکەری دروستکردنی نەتەوەیەکە:

> هەرچەندە دەتوانرێت هەر نەتەوەیەکی دیاریکراو لە ڕووی دیاردە بەرجەستەکراوەکانەوە وەسف بکرێت، وەک ژمارەی ئەندامەکانی، پێکهاتە زمانەوانی و ئایینییەکەی، بەڵام لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هیچ تایبەتمەندییەکی بەرجەستەی تایبەت یان تێکەڵکردنی تایبەتمەندییەکان بۆ دروستکردنی نەتەوەیەک پێویست نییە. ئەگەر ئەندامانی گروپێک هەست بکەن کە گروپەکەیان لە ڕووی کولتوورییەوە جیاوازە لە هەموو ئەوانی تر و ئەگەر هەست بکەن ئەو تایبەتمەندییە هەستپێکراو و هەستپێنەکراو کە گروپەکە جیا دەکەنەوە گرنگترن لەو تایبەتمەندیانەی کە لەگەڵ هەر گەلێکی تردا هاوبەشن، ئەوا ئەو گروپە نەتەوە پێکدەهێنێت (Connor, 1970, pp. 91–2).

وەک کۆنر ڕوونی دەکاتەوە، لەکاتێکدا لایەنە "دیارە"کانی نەتەوەیەک، کۆمەڵگا وەسف دەکەن، بەڵام هیچیان بۆ نەتەوەبوون گرنگ نین. هەستی کۆمەڵگا بۆ تایبەتمەندی کولتووری و چۆنیەتی باوەڕیان بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە بەرچاو بێت، دیاری دەکات کە ئایا نەتەوەیەک پێکدەهێنن یان نا.

له کاتێکدا ئەندامانی نەتەوەیەک هەست بە پەیوەندییەک بە یەکەوە دەکەن، بەڵام لێکۆڵەران ئاماژەیان بەوە کردووە کە زۆربەی ئەندامانی ئەم گرووپە یەکگرتووە هەرگیز یەکتر نابیننەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئەندەرسۆن و هاوکارانی ئەو کۆمەڵگە بەستراوانەی کە گەلان پێکدەهێنن بە "خەیاڵ" یان وەک بیرۆکەیەکی "ئەبستراکت" وەسف دەکەن (ئەندەرسۆن، **١٩٨٣**؛ پاوڵ، **١٩٩٦**). زانایانی سیاسی وەک بینێدکت ئەندەرسۆن دان بەو پەیوەندییە قووڵەدا دەنێن کە لەناو گەلاندا هەستی پێدەکرێت، چونکە ئەندامان ئامادەبوون بۆ کۆمەڵگاکەیان شەڕ بکەن و بمرن. بەڵام تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن کۆمەڵگاکە بەزۆری لە کەسانی نامۆ پێکدێت کە هەرگیز ڕووبەڕوو یەکتر ناناسن. بەم شێوەیە، ئەندەرسۆن دەڵێت، ئەندامێک دەبێت ئەوانی دیکە لە کۆمەڵگاکەیدا "بهێنێتە بەرچاو"(imagine ). لە کاتێکدا نەتەوە زۆرتر لە کەسانی نامۆ پێکهاتووە، بەڵام شێوازی ژیانی هاوبەشیان، مێژووی بەکۆمەڵ و ئامانجە هاوبەشەکانیان کە زۆرجار لە ڕێگەی چاپی بەکۆمەڵ و پەروەردەی ستانداردەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، هەستێکی بەهێزی یەکگرتوویی و هاوڕێیەتی(برایەتی) پێدەبەخشێت. ئەندامانی نەتەوەیەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی سروشتی "خەیاڵیبوون"ەکەی، جیاوازییەک لە نێوان کەسانی ناوخۆیی (ئەوانەی کە بەشێکن لە پارچەیەک) و کەسانی دەرەوە (ئەوانەی کە لەو پارچەدا نین) پێناسە دەکەن. بۆ ئەو گەلانەی کە لە سنووری دەوڵەتێکدا نیشتەجێ نین کە خۆیان لەگەڵیدا دەناسێنن، جیاوازی نێوان "نەتەوە" و "دەوڵەت" دەتوانێت ببێتە شتێکی سەرەکی. لەوانەیە ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن وەک "ئەویتر" سەیر بکرێن و بە نەگونجاو هەژمار بکرێن بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا، لە ئەنجامدا زۆرێک لە گەلان بە دوای تا ڕادەیەک ئۆتۆنۆمی سیاسیدا بگەڕێن ئەگەر دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان لە ئێستاوە بوونی نەبێت (واتە ئەوانەی کە "گەلانی بێدەوڵەتن"). دەوڵەتان لە بەرامبەردا بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدەن هەموو دانیشتوانی ناو سنوورەکانیان لە یەک ناسنامەی نیشتمانیدا ئاسیملە بکەن، لەهەمان کاتدا کە سەرکردەکانی کۆمەڵگا لەوانەیە بۆ دژایەتیکردنی ئەو جۆرە پرۆژانە و پێشخستنی ناسنامەی تایبەتی گروپەکانیان سەرهەڵبدەن.

سەرەڕای سروشتی "خەیاڵی" نەتەوەکان، ڕەنگە سەقامگیرییان زیاتر بێت لە دەوڵەت؛ تەنانەت ئەگەر سەروەریی دەوڵەتێک کۆتایی پێ بێت، نەتەوە دەتوانێت بەردەوام بێت. دەوڵەتداری(دەوڵەتبوون) کاتێک کۆتایی دێت کە سەروەری کۆتایی بێت، بەڵام نەتەوە بەردەوام دەبێت، چۆن پێویستی بە سەربەخۆیی سیاسی نییە بۆ ئەوەی بوونی هەبێت. تەنها ئەگەر هەموو خەڵک لە خۆناساندن لەگەڵ نەتەوەیەکدا دەستبەردار بن، ئەوە نەتەوەیەک نامێنێت (واتە چیتر لەناو وشیاریی بەکۆمەڵی مرۆڤدا نیشتەجێ نییە). کاتێک ئەڵمانیا بە زلهێزەکانی هاوپەیمانان خۆیبەدەستەوە دا لە جەنگی جیهانی دووەمدا، سەروەرییەکەی لەدەستچوو و کۆنترۆڵی خاکەکەی لە نێوان ئەمریکییەکان، بەریتانیا، فەرەنسییەکان و سۆڤیەتەکاندا دابەشکرا. سەرەڕای لەدەستدانی دەوڵەتی ئەڵمانیا، نەتەوەی ئەڵمانیا مایەوە. دەسەڵاتی دەرەوە جێگەی ئەو دامەزراوە سیاسی و یاساییانە گرتەوە کە

دەوڵەتی ئەڵمانیایان پێکهێنابوو، بەڵام زمان و کولتوور و ئەزموونی هاوبەشی نەتەوەی ئەڵمانیا پارێزرا. گەل چیتر دەوڵەتی ئەڵمانی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بیرۆکەی نەتەوەی ئەڵمانییان پاراستبوو.

مافی خاک(مەڵبەند) جیاوازییەکی دیکەی جێی سەرنج لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان پێکدەهێنێت. بەبێ لەبەرچاو گرتن بەستراوەیی هاوبەشی خۆی بە ناوچەیەکی جوگرافیاوە (جگە لە هەندێکی وەک ئەوەی ڕۆماکان)، مەرج نییە نەتەوەیەک کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر خاکە دانپێدانراوەکەی خۆیدا بکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەزاران نەتەوە و تەنها چەند سەد دەوڵەتێک هەن، زۆربەی نەتەوەکان سەرەڕای بوونی هاوبەشی "نیشتمان" لە وشیاری نەتەوەییدا، لەڕووی یاساییەوە ڕووبەرێکی جوگرافیای تایبەت بە خۆیان نیە. ئەمەش پێچەوانەی پێناسەی دەوڵەتە، کە تێیدا چاوەڕوان دەکرێت دەوڵەت لە لایەن حکومەتێکی فەرمی ڕێکخراو یان سیستەمێکی پلەبەندییەوە کۆنترۆڵی خاکی خۆی بپارێزێت. بەهۆی جیاوازیی لە پەیوەندییە یاساییەکانیان لەگەڵ خاک(هەرێم)، نەتەوە و دەوڵەتەکان بەسەر یەکتردا جێگیرکراون. جگەلەوەش، نەتەوەیەک بەشێوەی گشتی بە سنووره جیۆپۆلیتیکییەکانی دەوڵەتەکانەوە سنووردار نابێت. هەندێک نەتەوە وەک ژاپۆنییەکان لە ژاپۆن بەشێوەیەکی سەرەکی لە سنووری یەک دەوڵەتدا جێگیر بوون، بەڵام زۆرێکیان وا نیە. ئەو ناوچەیەی کە گەلی نەتەوەیەک تێیدا نیشتەجێیە دەتوانێت چەندین سنووری سیاسی ببڕێت و لە هەرێمی چەندین دەوڵەتی جیاوازی یاسایی دانپێدانراودا پێکبێت. لە هەمان کاتدا نەتەوەیەکی دیاریکراو دەتوانێ لەگەڵ گەلانی دیکە لە دەوڵەتێکدا پێکەوە بژیەت. بە واتایەکی تر، نەتەوەیەک دەتوانێت لەناو دەوڵەتێکدا بێت یان لە زۆرێکدا بێت و دەوڵەتێک دەتوانێت لە یەک یان چەندین نەتەوە پێکبێت کە ڕەنگە سنوورەکانی ببڕن یان نەیبڕن. لە کاتێکدا دەوڵەتێک سنووردارە بە هەرێمیکی(خاک) جیاواز (و تەنها دەتوانێت لە ڕێگەی پرۆسەگەلی ئاڵۆزەوە سنوورەکانی بگۆڕێت)، پێویست ناکات نەتەوەیەک لە سنووری خاکێکی جێگیر یان یەک دەوڵەتدا هەبێت.

دەوڵەت-نەتەوەکان

"دەوڵەت-نەتەوە" زۆرتر بەو قەوارە تێدەگەین کە لە وێنەی یەک نەتەوەدا دروست بووە. بەمشێوەیە لە کۆمەڵێک کەس کە هەمان کولتوور، مێژوو، ئایین و یان تایبەتمەندی نەتەوەییيان هەیە پێکدێت کە کۆنترۆڵی ناوچەیەکی جوگرافیی (واتە قۆرخکاری لەسەر بەکارهێنانی هێز لە سنوورەکانیدا) و سیستەمێکی حکومەتی دانپێدانراوی نێودەوڵەتیان هەیە. "دەوڵەت-نەتەوە" سیما بیرۆکراتیەکانی دەوڵەتداری لەگەڵ لایەنە کولتوورییەکانی نەتەوەی دیاریکراوەکەی تێکەڵ دەکات و لەم کارەدا پێدەچێت ئەو دووانە نوێنەرایەتی گەل و ئامانجی یەکسان دەکەن. دەوڵەتی فەرمی، کار بۆ بەرژەوەندی ئەو نەتەوە باڵادەستە دەکات کە بەڕێوەی دەبات (هەندێکجار بە volkstaat لە دەستەوشەیەکی ئەڵمانی بۆ "دەوڵەتی گەل" ناودەبرێت)، نەتەوەش وەک نوێنەری

شەرعی و ڕەوای خۆی سەیری دەوڵەت دەکات. سنووره جیۆپۆلیتیکییەکانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەباشی لەگەڵ ئەو ناوچانەدا دەگونجێت کە نەتەوە باڵادەستەکەی نیشتەجێی کردووە. لەوانەیە کۆمەڵگەیەکی بچووک لە ئەندامانی نەتەوە لە دەرەوەی خاکی دەوڵەتدا هەبێت،و بەهەمان شێوە، لە چوارچێوەی سنوورەکاندا، دەکرێت کەمینەیەکی بچووکی هاووڵاتیان هەبن کە بەشێک نین لەو نەتەوە، بەڵام، بەگشتی، لە دەوڵەت-نەتەوەدا، سنووره سیاسییەکان لە ڕووی ڕوانستیانەوە زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ شوێنی نەتەوە باڵادەستەکەیدا یەکدەگرنەوە. بۆ نموونە دانمارک و ئەڵمانیا سەرەڕای تێکهەڵکشانی دانیشتووان بەدرێژایی سنووره هاوبەشەکانیان، بە دەوڵەتی نەتەوەیی دادەنرێن. بە شێوەی فەرمی بەشێک لە وڵاتی دانمارک، کۆمەڵگەیەکی ئەڵمانیزمان لە باکووری شلێسویگ نیشتەجێن و کۆمەڵەیەکی کەمێک گەورەتر لە دانمارکیزمانەکان لە باشووری شلێسویگ لە سنووری وڵاتی ئەڵمانیا دەژین.

زمان و کولتوری هەریەکێک لەو گرووپانە زیاتر لەگەڵ زمانی نەتەوەکەیان دەگونجێت نەک ئەو دەوڵەتەی کە تێیدا نیشتەجێن و هاووڵاتیبوونیان لێیە. بەڵام ئەمە لە پێگەی دانمارک و ئەڵمانیا وەک دەوڵەتی نەتەوەیی کەم ناکاتەوە. بەهەمانشێوە فەرەنسا وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوونی هەیە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی فەرەنسی زمانەکان بۆ وڵاتانی دراوسێ، وەک کۆمەڵگەی گەورەی فەرەنسی زمانەکان لە ناوچەی ڕۆماندی لە ڕۆژئاوای سویس و والۆنەکان لە بلژیکدا. لە بەرامبەردا بلژیک بەهۆی دابەشبوونی جیاواز و یەکسانی ڕێژەیی نێوان نەتەوەکانی والۆن و فلاندەرز لە سنوورەکانیدا، پێوەرەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بەدی ناهێنێت. بلژیک یەک گرووپی باڵادەستی نییە، کە پێویست ببێت بۆ ئەوەی پێگەی دەوڵەتی نەتەوەیی پێبدرێت. لە بەرامبەردا ژاپۆن زیاتر لە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەچێت سەرەڕای بوونی گروپە کەمینە بچووکەکان کە زمان و کولتوور و ئایینەکانی خۆیان لە سنوورەکانیدا هەیە (بۆ نموونە ڕیوکیوان"Ryukyuans " و ئاینۆکان"Ainu").

ڕەنگە هەندێک وڵات بەڕوونی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی "دەوڵەت-نەتەوە"دا بگونجێت، بەڵام زۆرێک لە بارودۆخی دیکەدا ئاوەها سەرڕاست دەرناکەون. جگە لەو بەشانەی لە گەلان کە لە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوەی خۆیان دەژین، هۆکارەکانی دیکەش زیاد دەکەن بە هۆی سادەنەبوونی چەمکەکە، کە ڕەنگە ببێتە هۆی خراپ بەکارهێنانی ئەم چەمکە. بۆ نموونە لەبەر ئەوەی پێناسەی "نەتەوە" زەحمەتە بۆ ئەوەی بەوردی دەستنیشان بکرێت، هەمیشە دەستنیشانکردنی دەوڵەت-نەتەوە ئاسان نییە. چەند کۆمەڵگەی کەمینەی جیاواز دەتوانن لە سنووری دەوڵەتدا بژین بۆ ئەوەی هێشتا وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەتمەند بێت؟ حەشیمەتی کەمینەکان بەڕاستی دەتوانن چەندە گەورە بن؟ ئایا جگە لە هەستی یەکگرتوویی بەکۆمەڵ و ئەزموونی هاوبەش هیچ تایبەتمەندییەکی پێویست بۆ نەتەوە هەیە؟ ئەگەر دەوڵەتێک بە ئاسمیلەکردنی زۆرەملێیانە بەسەر ئەو پێکهاتانەی کە لە بنەڕەتدا خۆیان لەگەڵ دەوڵەتدا نەناساندووە، یەکدەستبوون بەدەستبهێنێت، ئایا هێشتا دەوڵەت-نەتەوەیەکی ڕاستەقینەیە؟

ئایسلەند وەک نموونەیەکی ڕوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بوونی هەیە؛ زمان و کولتوورەکەی تایبەتە بە دانیشتووانەکەی و دوورگە بوونی، سنوور بەزاندنی گروپەکانی دیکە سنووردار دەکات، بەڵام بۆ زۆربەی دەوڵەت-نەتەوەکان، ئەمە بەم سادەییە نییە. بەوپێیە کە دەستەواژەی "دەوڵەت-نەتەوە" هیچ گرنگییەکی یاسایی نییە (بەپێچەوانەی دەستەواژەگەلی "نەتەوە" و "دەوڵەت" خۆی لە خۆیدا)، پرسەکە تەنیا لە بازنەی تیۆروانین و گفتوگۆی جەماوەریدا سنووردار دەمێنێتەوە. ئاڵۆزی و جیاوازی نێوان نەتەوەبوونی گەلێکی تایبەت و دەوڵەتبوونی هەمان گەل دەتوانرێت لە ڕێگەی پرسی گەلی جوولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیلیشەوە نیشان بدرێت. هەندێک (هەندێک لە جولەکەکان)، ئایینی جوولەکە تەنها وەک ئایینێک سەیر دەکەن. بۆ ئەم جۆرە کەسانە، شانشینی کۆنی ئیسرائیل و یەهودا پێش سەردەمی ناسیۆنالیزم بوونیان هەبووە و هەربۆیە پەیوەندییان بەو مەسەلەیەوە نییە، لە کاتێکدا زایۆنیزمی مۆدێرن و دەوڵەتی ئیسرائیل بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی لە نێو جوولەکەکانی ئەورووپیدا لە سەدەی ١٩یەم پێکدەهێنن. بۆ هەندێکی تر (لەوانەش ڕەنگە زۆربەی جولەکەکان)، گەلی جوولەکە لە هەردوو سەردەمی مۆدێرن و پێش مۆدێرن نەتەوەیەکیان پێکهێناوە. هەرچەندە شانشینی کۆنیان ئیسرائیل و یەهودا کەوتە دەست داگیرکەران و لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەوە (دەستەواژەی "دیاسپۆرا" لە بنەڕەتدا تەنها ئاماژەیە بۆ جولەکەکان کە لەلایەن ڕۆمەکانەوە بە زۆر لە زێدی خۆیان دەرکران)، بەڵام نەتەوەی جولەکە کولتوور، زمان (بەشێوەی نووسراوە، کە بۆ زۆربەی کاتەکان بۆ قسەکردن نەدەبوو) و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بۆ زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ پاراست. لەم ڕوانگەیەوە جولەکەکان توانیان بەشێکی بەرچاو لە نەتەوەکەیان بگەڕێننەوە بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان و دەوڵەتێکی نوێی ئیسرائیل بنیات بنێن. بێگومان هەردوو گێڕانەوەکە بە گەرمی ململانێیان لەسەرە و هەندێک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەوڵەتی مۆدێرنی ئیسرائیل نوێنەرایەتی جولەکەکان ناکات کە هاوڵاتیی و دانیشتووی ئیسرائیل نین و هەندێکی تریش وەک دەوڵەتی نەتەوەیی تەواوی گەلی جولەکە سەیری دەکەن (هاوشێوەی ئیتالیا کە دەوڵەتی نەتەوەیی ئیتالییەکانە، تەنانەت وەک ئوسترالی یان ئەمریکییەکانی میراتداری ئیتاڵی، هاوڵاتی ئوسترالی و ئەمریکین و بەتەواوی بۆ هاووڵاتیبوونی وڵاتەکەیان دڵسۆزن).

لایەنی پێچەوانەی ئەم نموونەیە لەگەڵ فەلەستینییەکاندا دێت، کە وەک بەشێک لە نەتەوەی عەرەبی گەورەترن (کە لە نزیکەی ٢٢ دەوڵەتی عەرەبیدا بڵاوبووەتەوە، کە زۆربەیان دەوڵەتی عەرەبین) بەڵام ناسنامەی نەتەوەیی تایبەتی خۆیان وەک فەلەستینی پەرەپێداوە. لە ئەنجامی دروستکردنی ئیسرائیل ژمارەیەکی زۆر لە فەلەستینییەکان لە خاکەکانیان هەڵهاتن یان ناچار بوون و سەلماندیان کە لە ئەنجامدا ناتوانن دەوڵەتی فەلەستین دابمەزرێنن. لە ساڵی ٢٠١٢ کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) فەلەستین وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری ناساند، بەڵام بەبێ دیفاکتۆ، کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی بەسەر هەر بەشێکی فەلەستین لە ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردن (بەریتانییەکان وڵاتی ئوردنیان لە ئەو بەشەی فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی

ڕووبارەکە لە ساڵی ١٩٢١، پێکهێنا). ئەم کارە تەنها وەک جووڵەیەکی سیمبۆلیک بوو. بەم شێوەیە زۆر کەس پرسی فەلەستینی ئیسرائیل بە یەکێک لە دوو ناسیۆنالیزمی کێبڕکێکار وەسف دەکەن کە لەسەر پارچەیەکی زۆر بچووکی هەرێمیک شەڕ دەکەن نەک وەک ململانێیەکی ئایینی. لە کاتێکدا هەندێک لە چالاکوانان (یان ئارمانخوازەکان) داوای یەک دەوڵەت دەکەن لە ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردن بۆ هەردوو جولەکە و فەلەستینییەکان، پەیمانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین (PLO)و بەڵگەنامەکانی دامەزرێنەری ئیسرائیل بەڕیز داوای دەوڵەتێکی عەرەبی (فەلەستین) یان دەوڵەتی جوولەکی(ئیسرائیل) دەکەن. لە هەر حاڵەتێکدا، پێدەچێت کام گروپ زۆرینە پێکبهێنن (thevolkstaat) وەک پرسیارێکی زۆر گرنگ بمێنێتەوە.

دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە

دەوڵەت-نەتەوە تەنیا چەند سەد ساڵە بوونی هەیە. دەوڵەتان بە گشتی پێشهاتێکی ئەم دواییەن. پێش سەردەمی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن (زۆرجار وا بیردەکرێتەوە کە بەڕاستی لە شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ دەستیپێکردووە)، دەوڵەت شارەکان (وەک ڤێنیز)، ئیمپراتۆریەتە فرەنەتەوەییەکانی بنەمای ئایینی (وەک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) و یان پاشایەتییە فرەنەتەوەییەکان (وەک بەریتانیا)، وەک نۆرم مانەوە. سەرەڕای بوونی دەوڵەت لە هەموو شوێنێکدا لە سیستەمی نێودەوڵەتی ئەمڕۆدا، بەڵام زۆربەی مێژوو دەوڵەت-سەنتەر(دەوڵەت سەنتەری) نەبووە. تەنها لە ناوەڕاستی سەدەی ١٧دا، لەگەڵ ئاشتیی وێستفالیا، دەوڵەتەکان بوونە ئەکتەری باڵادەست لە کاروباری نێودەوڵەتیدا و سەروەرییان بووە ئەو نۆرمەی کە ئەمڕۆ هەیە. دوای ئەوەی دەوڵەتەکان وەک جێگەی سەرنجی سیستەمی نوێی نێودەوڵەتی دەرکەوتن، بەرژەوەندی لە دروستکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکانیشدا بەرزبووەوە. بەمشێوەیە تا سەدەی نۆزدەهەم بیرۆکەی مۆدێرن بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی لە زۆر شوێنی ئەوروپادا بە باشی جێگیر بووبوو. تا ساڵی ١٨٧١ هەم ئیتالیا و هەم ئەڵمانیا یەکخستنی دەوڵەتشارە جیاوازەکانیان بۆ دەوڵەتە نەتەوەییە گەورەکانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا تەواو کردبوو. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەمە پێویستی بە سەپاندنی زمان و ناسنامەیەکی ستاندارد بوو بەسەر دەوڵەت-نەتەوەی نوێدا: لە ساڵی ١٨٦٠ لە سەرەتای یەکگرتنی ئەو دەوڵەتشارە جیاوازانەی کە ئێستا پێیان دەڵێین ئیتالیا، ماسیمۆ دی دازێلیۆ وتەیەکی بەناوبانگی وت: "ئێمە ئیتاڵیامان دروست کرد، ئێستا دەبێت ئیتاڵی دروست بکەین". بەدیهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو پێویستی بە بەدواداچوونی چالاکانە هەبوو لە ڕێگەی ئامرازە سەربازییەکان و بە بنیاتنانی هەستی ناسیۆنالیستی لە نێو خەڵکی ئاسایی لە ناوچە جیاوازەکانیاندا. ئیتالیا کە وەک گروپێکی پەیوەندیدار بە هەرێمگەلی سیاسی پارچە پارچەکراو بوو، بە سەرکەوتوویی وەک یەک دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕێگەی هێزی سەربازی و گەرم وگۆڕی

ناسیۆنالیستیەوە کۆکرایەوە. لە ماوەی دە ساڵدا، بزووتنەوە سیاسییەکان، وەک ڕیسۆرگیمنتۆ (risorgimento"زیندووبوونەوە")، پاڵیان نا بە یەکخستنی شانشینی و هەرێمە سەربەخۆکانی ئیتالیا بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بکەن. ئازایەتییە سەربازییەکان لەلایەن جوزێپی گاریبالدی بەناوبانگ و توانمەندی ئەو لە ئیلهامبەخشین بە جەماوەر یارمەتیدەرێکی بەرچاوی پرۆسەی یەکگرتن بوو و کەسانی دیکەی وەک جوزێپی مازینی و کونت کامیلۆ دی کاڤۆر ڕۆڵی گرنگی سەربازی و بنیاتنانی دەوڵەتیان جێبەجێ کرد. بۆ ئەڵمانیا ئەم پرۆسە لەلایەن سەرۆکی وەزیر پرۆس ئۆتۆ ڤۆن بیسمارکەوە سەرپەرشتی کرا، کە چووە ناو سێ شەڕەوە دژی دەوڵەتانی دەوروبەری ئوتریش و دانمارک و فەرەنسا و ناسیۆنالیزمی گەشەسەندوو لە پرۆس و دەوڵەتانی دیکەی شارەکانی ئەڵمانیا زیادی کرد. بە پەروەردەکردنی هەستی ناسیۆنالیستی، کە یارمەتیدەر بوو بۆ دابینکردنی پشتیوانی بۆ هەوڵە سەربازییە پێویستەکان، هەردوو ئیتاڵیا و ئەڵمانیا لە گروپی دەوڵەتە شارستانییە سەربەخۆکانەوە گۆڕا بۆ دوو دەوڵەت لە بەهێزترین و سەرکەوتووترین دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئوروپا.

کەیسەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا پاڵنەری بەدواداچوون بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نیشان دەدەن. هەم دەوڵەت و هەم نەتەوە سوود لەم پێشهاتە وەردەگرن. لەگەڵ بەستنەوەی نەتەوە بە دەوڵەتەوە، دڵسۆزی بۆ دەوڵەت شانبەشانی هەستی ناسیۆنالیستی گەشە دەکات و کاتێک نەتەوەیەک بە دەوڵەتداری دەگات، لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا لە جیاووک و پشتیوانی زیاتر بەهرەمەند دەبێت. کەواتە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی زۆرجار وەک ئامانجی هەردوولا دەبێت، نەتەوە کە بەدوای دەوڵەتبووندا دەگەڕێن و هەم دەوڵەتان بەدوای هاندانی دڵسۆزی لە نێوان دانیشتووانیاندا دەبن. بەڵام هەموو دەوڵەتەکان بە ئاسانی ناتوانن ئەم جۆرە یەکدەستیە دروست بکەن، سەرەڕای خواستی بەهێزیان بۆ گەیشتن بەو یەکدەستییە. بەگشتی زۆربەی سنوورە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئێستای وڵاتان بە ڕێکوپێکی لەگەڵ ئەو ناوچانەدا ناگونجێت کە گەلان داگیریان کردووە. لە سیستەمی ئێستادا نەتەوە و دەوڵەتەکان لەبری ئەوەی وەک دوڵەتی نەتەوەیی دیاریکراو بن، لە تێکەڵاوێکی جۆراوجۆرەوە جێگیر بوون. بەشێکی زۆر لە پێکهاتە نەتەوەییەکان لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دەژین و لە هەمان کاتدا فرەچەشنی نەتەوەیی زۆر لە ناو زۆربەی دەوڵەتەکاندا هەیە. لە سیستەمی جیهانی ئێستادا دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر لە دەوڵەتە نەتەوەییە یەکدەستەکان لەخۆدەگرێت. وەک نموونەی مۆدێرن بۆ دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان، کەنەدا، هیندستان، ڕووسیا، باشووری ئەفریقا، ئیسپانیا و بریتانیا چەندین نەتەوەی پێکەوەژیانی تێدایە. ئەفریقای باشوور دان بە ١١ زمانی فەرمیدا دەنێت(ئەفریقییەکان، خۆسا، ندێبێل، زولو، تسوانا، سواتی، سۆتۆ، سۆتۆی باشوور، ڤێندا، تسۆنگا و ئینگلیزی) و هیندستان

شانازی به نزیکەی ١٩٥٠٠ زمانەوە دەکەن، کە زیاتر لە ١٠٠ زمانیان لانیکەم ١٠ هەزار کەس قسەیان پێدەکەن. زۆرێک لە دانیشتوانی سەربەخۆی ئیسپانیا بریتین لە باسک و کەتەلۆنی، کە خۆیان بە جیاواز لە ئیسپانییەکان دەزانن و لەم ساڵانەی دواییدا خواستی جیابوونەوەیان دەربڕیوە. سەرەڕای ئەوەش، بەشێکی زۆری سەحرای باشووری ئەفریقا لەو دەوڵەتانە پێکدێت کە سنوورەکانیان بەشێوەیەک لەگەڵ دیمۆگرافیای دانیشتوانی ناوچەکەدا ناگونجێت. دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکانی دیکەش لە مێژوودا بوونیان هەبووە و دواتر جیابوونەوە بۆ دەوڵەتی تاکەکەسی کە هاوتای نەتەوە جیاوازەکانیانن. وەکوو: ئۆتریش-مەجارستان، چیکۆسلۆڤاکیا، یەکێتی سۆڤیەت و یوگۆسلاڤیا لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە یوگۆسلاڤیا بە پشتبەستن بە پێکهاتەی مێژوویی و نەتەوەیی خۆیان بەسەر شەش دەوڵەتی جیاوازدا دابەشبوون: بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا، کرواتیا، مەقدۆنیا، مۆنتینیگرۆ، سربیا و سلۆڤینیا. جگە لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان، نەتەوە فرە دەوڵەتییەکان پارچەیەکی جەوهەری سیستەمی نێودەوڵەتی پێکدەهێنن. ئەو نەتەوانەی کە بەسەر زیاتر لە دەوڵەتێک زاڵن، وەک نەتەوەی کۆریا کە بەسەر کۆریای باکوور و باشووردا درێژدەبێتەوە، هەروەها ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا. ئەمەش ئاڵۆزیی بۆ پرسەکە زیاد دەکات، چونکە مرۆڤ دەتوانێت لە یەک کاتدا هەم "ناسیونالیستی میسری" و هەم "ناسیۆنالیستی عەرەب" بێت. دەتوانرێت یەکەمیان بە ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی (بە پشتبەستن بە دەوڵەتی میسری مۆدێرن) وەسف بکات، دووەمیان بە "ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی" (بەڵام تەنانەت ئەمەش ڕەنگە وەک جیاوازییەکی ناڕەزامەند دەرکەوێت،چونکە کولتوری میسری و عەرەبی میسری تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ڕەنگە هەندێک لە میسرییەکان خۆیان بە هەم "میسری نەتەوەیی" وەسف بکەن، و لە ڕووی نەتەوەیی و ئێتنیکی بە "عەرەبی"ش وەسف بکەن). گەلان، لەم حاڵەتانەدا سنووورە سیاسییەکان دەبڕن، بەڵام ئەم سنوورانە هێشتا کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر کۆمەڵگەی نەتەوەکاندا هەیە.

هەروەها گەلانێکی زۆر هەن کە سەرەڕای خواستیان بۆ سەربەخۆیی، بە دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان نەگەیشتوون. ئەم گەلانە بە شێوەیەکی تایبەت ئارەزووی دەوڵەتبوون دەکەن و بەدوایدا دەگەڕێن بەڵام بە سەرکەوتوویی دەوڵەتێکی نێودەوڵەتی و سەروەریان بۆ ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دانەمەزراندووە. دوای ئەوەی ئۆکراین سەربەخۆیی لە دەوڵەتی سۆڤیەت وەرگرت، کورد کە ناوچە مێژوویییەکەی کوردستانی بەشێک لە ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا پێکدەهێنێت، بوو بە گەورەترین "نەتەوەی بێ دەوڵەت." جگە لە کورد، گەلانی دیکەی بێدەوڵەت بریتین لە تاتارەکان لە ڕووسیا؛ تامیلەکان لە هیندستان، سریلانکا، مالیزیا و سەنگاپور؛ و فەلەستینییەکان دوای دامەزراندنی ئیسرائیل.

گروپە کەمینەکان/بنیاتنانی نەتەوە(نەتەوەسازی)

زۆرێک لە دەوڵەتەکان بەردەوام بەدوای یەکگرتنی نەتەوەیی وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتدان. حکومەتەکان بە شێوەیەکی گشتی هەوڵدەدەن بە بنیاتنانی نەتەوە و دروستکردنی هەستی ناسیۆنالیزمی هاوبەش لە نێوان دانیشتووانیاندا کە بەسەر هەمەچەشنیدا (کە زۆرجار وەک "نایەکگرتوویی"(disunity ) سەیری دەکەن) "زاڵبن". ئامانجیان لە دەوری یەکخستنی دانیشتووان لەناو سنوورەکانیان و دروستکردنی هەستی دڵسۆزی بۆ دەوڵەت دەسورێتەوە. پەرەپێدانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێز لەسەر ئاستی دەوڵەت، لە فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئیتالیا دەیان ساڵی خایاند بۆ بەدەستهێنانی، تەنانەت ئەمڕۆش شوناسە نەتەوەییە لادەرەکان لە شوناسی نەتەوەیی پەسەندکراوی دەوڵەت (وەک ناسنامەی بریتۆنەکان یان باسکەکان لە فەرەنسا)،هەر ماون. دەوڵەتان کۆمەڵێک تاکتیکیان بەکارهێناوە بۆ بەدواداچوونی یەکدەستکردنی کولتووری لە سنوورەکانیاندا. حکومەتەکانیان لە ڕێگەی هەردوو شێوازی ناسک و توندەوە بەدوای ئەم یەکدەستکرنەدا دەگەڕێن. ڕەنگە هەندێک لە دەوڵەتەکان هاندەری هەستکردن بە یەکێتی بن لەڕێگەی هێماکان، پەروەردە، شێوازی ژیانی هاوبەش، ئەزموونی بەکۆمەڵ لە گەشەپێدانی دەوڵەت، و پاڵنانی گێڕانەوەی "بەرژەوەندی نیشتمانی". هەروەها ڕەنگە هەندێک ئامرازەکانی وەک تێکەڵکردنی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی زۆرینە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە کەمینەکان بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی کە ڕەنگدانەوەی زۆر لایەنی دانیشتووان بێت. هەروەها لە هەندێک کاتدا دەوڵەتەکان سیاسەتی توندتر و شەڕانگێزتر هەڵدەبژێرن بۆ سڕینەوەی کەمینەکان وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە یەکدەستی و گەیشتن بە پێگەی دەوڵەتی نەتەوەیی خوازراویان. شێوازێکی وردتر، پەروەردەی گشتی، وەک ئامرازێکی بەسوود دەمێنێتەوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانەوێت ئەم یەکگرتنە بەدیبهێنن، وەک لە ڕێگەی فێرکردنی مێژوو کە دەوڵەت بە ڕووناکییەکی ئەرێنی وینا دەکات یان فەرمانی بەکارهێنانی زمانی فەرمی دەوڵەت. بۆ نموونە لە چین خەڵک لە ماڵەوە بە سەدان زمانی جیاواز قسە دەکەن، بەڵام قوتابخانەکان و هەموو دەزگاکانی پەیوەندییە گشتیەکان بەپێی یاسا دەبێت زمانی ماندارین بەکاربهێنن. لە لایەکی دیکەوە، دەوڵەتەکان زۆرجار ئامرازی توند و تیژیش لە بەدواداچوونیان بۆ یەکدەستکرند دەخەنە ڕوو. لەجیاتی ئەوەی تەنیا ب بە بەکارهێنانی زمانی فەرمی دەوڵەت برەو بدات، هەندێک دەوڵەت زمانی کەمینەکانیشیان قەدەغە کردووە و بەکارهێنانیان لە فەزای گشتی و تایبەتدا نایاسایی ڕاگەیاندووە، وەک ئەوەی بۆ نموونە کورد لە تورکیا ئەزموونی کردووە. تورکیا و ئێران و سوریا بەتایبەتی و هەروەها عێراق تا ساڵی 2003، تووشی ئاسیمیلاسیۆنی زۆرەملێیانەی جۆرواجۆر بوون کە بریتی بوون لە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و قەدەغەکردنی ناونانی منداڵان بە ناوی کوردی و سەرکوتکردنی کولتووری کوردی بەگشتی. کوردەکان نزیکەی یەک لەسەر پێنجی دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا تا ساڵانی نەوەدەکان دەوڵەتی تورکیا تەنانەت بوونیان لە سنوورەکانی تورکیادا ڕەتدەکردەوە (و بە "تورکی کێوی" ناوی دەبردن). تورکیا لە دروستکردنی کۆمارێکەوە

دەستی پێکرد، و هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتووی دەدا و بوونی کورد و گروپە کەمینەکانی دیکە (واتە ئەرمەنی، یۆنانی، عەلەوی) ڕێگری لەم ڕوانگەیە دەکرد. نوخبە دەوڵەتییەکان لە تورکیا یەکڕیزییان وەک ئەوە دەزانی کە سەر بە نەتەوەیەکی تورکییەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە بە زمانی تورکی، ئیسلامی سوننە، کولتوری تورک و مێژووی تورکیا پێناسە دەکرا (کە بە ڕێکخستنی مێژوویەکی عوسمانی و پێش عوسمانی لە ڕووی نەتەوەییەوە جیاوازتر دایان هێنایەوە). بەهەمانشێوە ئامریکا و کەنەدا هەریەکەیان بەدوای یەکدەستکردنی دانیشتووانیاندا بوون لە ڕێگەی ئاسمیلەکردنی زۆرەملێی گەلانی ڕەسەن لە ئەمریکای باکوور. جگە لە سنووردارکردنی مافی دانیشتووانی سەرەتانشینەکان(بوومییەکان) لە ڕێگەی پەیماننامە جێبەجێنەکراوەکان، گواستنەوەی زۆرەملێ و دوورخستنەوەی بەرژەوەندییەکانیان لە یاسادانان، هەردوو دەوڵەتی ئەمریکی و کەنەدا هەنگاوی چالاکیان ناوە بۆ لەناوبردنی کولتوری بوومییەکان لە ڕێگەی "پەروەردە" و ناچارکردنی پەسەندکردنی شێوازی ژیانی پەسەندکراوی دەوڵەت. لە ئەمریکا، زیادبوونی کۆچبەری لە ئەوروپاوە پاڵپشتی گشتی بۆ پەرەپێدانی زمانێکی ستاندارد و پراکتیزە کولتوورییە هاوبەشەکان بۆ هەموو دانیشتوانی سنووری ویلایەتەکان بەهێزتر کرد. ئەمەش دانیشتوانی سەرەتانشینەکانی ئەمریکای گرتەوە، کە داب و نەریتیان لەگەڵ ئەو پلانانەدا نەبوو کە حکومەتی ئەمریکا پێشبینیان دەکرد. سەرەڕای ئیدیعای حکومەتەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەمریکا کە ئامانجی سیاسەتەکانی ئاسمیلەکردنی ئەمریکا لەسەر تێکەڵکردنی کولتوری ڕەسەن لەگەڵ بەهاکانی ئەمریکا بوو بۆ دروستکردنی کۆمەڵە بەهایەکی هاوبەش، بەڵام واقیعەکە جیاوازی ئەوەی سەلماند. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە حکومەتی ئەمریکا زۆر لایەنی ژیانی نەریتی سەرەتانشینەکانی قەدەغە کرد، لەوانەش داب و نەریتە ئاینییەکان، سەما و "پیاوانی پزیشکی". پاشان بە پاڵپشتی کڵێسا جۆراوجۆرەکان، قوتابخانەی شەوورۆژیی ئیجباری بۆ منداڵانی بوومی ئەمریکی دروست کرد، کە تێیدا ناچار بوون بە ئینگلیزی قسە بکەن و ئایینی مەسیحی بەجێ بێنن و کولتوور و نەریتی خۆیان ڕەت بکەنەوە. لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە قوتابخانە زۆرەملێیانە، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا داخستنی دوا قوتابخانە لە ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو، دەوڵەتی کەنەدا بەهەمانشێوە هەوڵیدا لایەنە بەرچاوەکانی دانیشتوانی سەرەتانشینەکانی خۆی بە لابردنی کولتووری کۆمەڵگاکەیان و ژێرخانی دامەزراو لەناو ببات. زۆرجار خوێندکارانی سەرەتانشین بەهۆی شوێنی کەمپەکانەوە دەبوو بچنە قوتابخانەی نیشتەجێبوون یان قوتابخانەی شەوورۆژیی نەک قوتابخانەی ڕۆژانە. دەوڵەت بە دروستکردنی قوتابخانە دوور لە ماڵی دانیشتوانی سەرەتانشینەکان، دڵنیایانی کردەوە کە خوێندکاران بژاردەیەکی دیکەیان نیە جگە لەوەی لەم کەمپە نیشتەجێبوونانەدا بمێننەوە نەک بگەڕێنەوە ماڵەوە، بەم شێوەیە ڕێگەی بە جیابوونەوەی زیاتر لە کاریگەریی خێزانەکانیان و ژیانی سەرەتانشینی دا. تاڕادەیەک لەم دواییانەدا، حکومەتی کەنەدا دان بەو چاودێری ناتەواوەدا کە پێشکەش بە خوێندکارانی

نەتەوە بوومییەکانی ئەم قوتابخانانە کراوە و ئەو مامەڵە خراپەی کە زۆرێک ڕووبەڕووی بوونەتەوە، لەوانەش دەستدرێژی جەستەیی و سێکسی بەربڵاو. بەپێی ئاماری کۆمیسیۆنی ڕاستی و ئاشتەوایی (٢٠١٥) هەزاران منداڵ لەو قوتابخانانە بەهۆی بارودۆخی ژیانی نامرۆڤانە، نەخۆشی و تێکەڵەیەک لە هۆکارەکانی تر گیانیان لەدەستداوە، و زۆرێک لە وردەکارییەکانی بارودۆخ و شێوازی مردنەکان دانیان پێدا نەنرا و تۆمار نەکرا. لە سەرەتای هاوینی ساڵی ٢٠٢١دا، ئەم قوتابخانانە سەرنجی نێودەوڵەتییان ڕاکێشا دوای دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بێناونیشان لەو شوێنانەی کە پێشتر بۆ قوتابخانەکانی ئاسیمیلەکردنی ئیجباری بەکاردەهێنران. ئەو گۆڕانەی لە پێنج خوێندنگا لە پارێزگاکانی مانیتۆبا، بریتیش کۆڵۆمبیا و ساسکاچوان لە کەنەدا دۆزراونەتەوە، بووەتە هۆی لێکۆڵینەوە لە شوێنی قوتابخانەکانی دیکە. لەو خوێندکارانەی کە ڕزگاریان بووە، زۆربەیان کە لەم قوتابخانانە خوێندوویانە هەرگیز نەگەڕاونەتەوە ماڵەوە. پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ ئاسیمیلەکردنی زۆرەملێ، یارمەتی حکومەتی ئەمریکا و کەنەدای سەدەی نۆزدە و بیستەمی دا لە بەدواداچوونی یەکدەستکردن لە ڕێگەی جینۆسایدی کولتوورییەوە. بۆ بەدەستهێنانی "یەکگرتوویی"، ڕەنگە دەوڵەت بەئاشکراتر ڕێگای سووکایەتیکردن بگرێتەبەر. لە هەوڵێکدا بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان لە دانیشتووانێکی هەمەچەشنی کولتوورییەوە، حکومەتەکان شێوازی دڕندانە بۆ کوژاندنەوەی کۆمەڵگە کەمینەکان لە سنوورەکانیان بەکارهێناوە. شانبەشانی سالانێک لە هەلاواردن و سەرکوتکردن، بەشێک لەو نەتەوە کەمینانە ڕووبەڕووی پاکتاوی نەتەوەیی و جینۆساید بوونەتەوە، لەوانە جینۆسایدی جولەکەکانی ئەوروپا و ڕۆما لەلایەن ئەڵمانیای نازی، جینۆسایدی یۆنانی، ئاشووری و ئەرمەنی لە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، جینۆسایدی ڕواندای کەمینەی توتسی، جینۆسایدی "ئەنفال"ی عێراق بەسەر هاوولاتیانی کورد و جینۆسایدی گواتیمالا لە دانیشتوانی مایان. لە ئێستادا ئەو هەلاواردن و پاکتاوکردنی نەتەوەییانەی کە ڕووبەڕووی ڕۆهینگیاکان دەبنەوە کە کۆمەڵگەیەکی کەمینەی موسڵمانن لە میانمار، لە سالانی نەوەدەکانەوە زیاتر لە یەک ملیۆن پەنابەر هەلاتوون و دوایین هەڵکشانی پەنابەریش لە پاییزی ٢٠١٧ دەستیپێکردووە. لەوەتەی ئەم دوایین شەپۆلی ئاوارەبوونە لە ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٧ دەستیپێکردووە، زیاتر لە ٧٤٢ هەزار کەس بەرەو بەنگلادیشی دراوسێی ولاتەکەیان هەڵهاتوون، لەوێ نزیکەی ٩٠٠ هەزار ڕۆهینگیا لە کەمپە قەرەباڵغەکانی پەنابەران دەژین. یەکێک لە گەورەترین کەمپەکانی پەنابەران لە جیهاندا، کە شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەرانی کوتوپالۆنگە، زیاتر لە ٦٠٠ هەزار ڕۆهینگیای تێدایە بە فەزایەکی تەنها ١٣کیلۆمیتر (UNHCR, 2021) . ئەو ڕۆهینگیاانەی لە میانمار ماونەتەوە (بەتایبەت ویلایەتی ڕاخین) ڕووبەڕووی توندوتیژی دەوڵەت دەبنەوە، بە ڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتن بە پێداویستییە سەرەتاییەکان، چاودێری تەندروستی و پەروەردە و زیندانیکردن لە کەمپەکاندا بەبێ ئازادی هاتوچوو، چونکە بۆ دەیان ساڵە مافی هاوولاتیبوونیان لێ زەوت کراوە (بەپێی یاسای هاوولاتیبوون ١٩٨٢)(HRW, 2021) . بەهەمانشێوە کاتێک

زلهێزە کۆلۆنیالییە هاوپەیمانانی سەرکەوتوو سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دوای شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ڕێکخستەوە، نەخشەی ناوچەکە سەرهەڵدانی تورکیا و فارس و چەند دەوڵەتێکی عەرەبی بەخۆیەوە بینی. بە تایبەتی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، بوون بە دەوڵەت بە ڤۆڵکستاتەکانی (volkstaats) تورکی، فارسی و عەرەبی (گەلانی باڵادەست کە دەوڵەت بە وێنەی ئەوان دروست بووە و دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکەن).

کورد زێدی شاخاویی خۆی "کوردستان"ی (ستان وشەیەکی بەڕەچەڵەک فارسی بە واتای "مەڵبەند") بینیەوە کە سنوورە نوێیەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا یەکتر دەبڕن. چۆن هەر دەوڵەتێک تەنیا بەکارهێنانی زمانی ڤۆڵکستاتی خۆی (تورکی، فارسی و عەرەبی)ی سەپاند و حەقیقەت و مافی کەمینە نەتەوەییە ڕەسەنەکانی وەک کورد، چەوساندەوە و ڕەتیکردەوە، ناسیۆنالیزمی کوردی لە بەرامبەردا گەشەی کرد. لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستی کوردەوە، کورد پێویستی بە جیابوونەوە لەو دەوڵەتانە هەبوو (یان لانیکەم ئۆتۆنۆمی سیاسی لەناو خۆیاندا بەدەست بهێنرێت) بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی بنیات بنێن کە کورد، زمان و کولتوور و مێژوو و شوناسی گروپی خۆی بە گشتی لێی بنیات بنێت و پارێزراو بێت.1

لە بەرامبەردا ئەو دەوڵەتانەی کە کورد کەمینەیەکی بەرچاویان تێدا پێکدەهێنن، بەنۆرە کاردانەوەیان هەبوو بەرامبەر بە ڕاپەڕینە نەتەوایەتییە بێ‌ئەژمارەکانی کورد بە سەرکوتکردنی قورسی کورد بە ناوی "ئاسایشی نەتەوەیی (بە واتای 'دەوڵەت')". تا ئەمڕۆش نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی بێ‌دەوڵەت دەمێنێتەوە کە بەسەر سنوورە بێشومارەکاندا بڵاوبووەتەوە. کوردەکان لە تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا و شوێنەکانی دیکە بە شێوەی سروشتی خۆیان بەو شێوەیە دەزانن کە هاوبەشی زۆر زیاتریان لەگەڵ هاوکوردەکانی ئەودیوی سنوورەکانی دەوڵەتی نزیکدا هەیە وەک لە غەیرە کوردەکان (تورک، ئێرانییەکانی دیکە و عەرەب) کە بەڵگەی هاوڵاتیبوونی هاوشێوەیان لەگەڵدا هەیە.

بۆ ئەو کوردانەی کە ئامادە نەبوون خۆیان لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی تورکی، عەرەبی، یان فارسدا ئاسمیلە بکەن، کاردانەوە بە بارودۆخی سەختی کورد بە گشتی سێ شێوەی مومکینیان هەبوو: هەندێکیان، وەک جەمال نەبەز (2007) کوردستانیان وەک کۆلۆنییەکی تورکیا، عێراق سوریا، و ئێران، دەبینی و بانگەشەی بۆ ڕزگاری کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتێک (یان چەند دەوڵەتێک)ی کوردستانی دەکرد. هەندێکی تر وەک عەبدولڕەحمان قاسملوو (2004) تەنیا قسەیان لەسەر چارەنووسی خۆنووسین کردووە، جا چ لە شێوەی دەوڵەتبوونی سەربەخۆدا بێت یان ڕێوشوێنی وەک فیدراڵی، ئۆتۆنۆمی، کۆنفیدرالیزم، یان ڕێوشوێنی هاوشێوە. دواجار ڕێبازی سێیەمی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا سەریهەڵدا کە ڕەخنەی قورسی لە دژی ناسیۆنالیزم و سیستمی دەوڵەتی نێودەوڵەتی بە گشتی گرت و لەبری ئەوە بانگەشە بۆ جۆرێک لە بەدیلێکی ئەنارکۆ-کۆمەڵایەتی دەکرد کە پێی دەوترێت "ئۆتۆنۆمی دیموکراتیک". لەم ڕێبازەدا پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لەسەر

ئاستی ناوخۆیی هەوڵ دەدەن تا دەتوانن ئۆتۆنۆمی لەو دەوڵەتانە بتاشێنن کە خۆیان تێدا دەبیننەوە، تا دەتوانن ئەوەندەی دەوڵەت پشتگوێ دەخەن و داهاتووی سیاسی خۆیان بە دوور لە توندییەکانی دیاری دەکەن. ئەم ڕەوتە لە نێو کورددا بە پێشەنگایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان (٢٠١١) دامەزرێنەر و سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بوو کە ئێستا لە تورکیا زیندانی کراوە.

ئەنجام

سەرەڕای جیاوازییە چارەنووسسازەکانی نێوان دەستەوشەگەلی "نەتەوە"، "دەوڵەت" و "دەوڵەت-نەتەوە"، زۆر کەس، لەوانەش لێکۆڵەران و ڕۆژنامەنووسان، خوویەکیان گرتۆتەبەر کە ئەو سێ دەستەوشەیە لەبری یەکتر بەکاربهێنن. ئەم کێشەیەی بەکارهێنانی "نەتەوە" و "دەوڵەت" وەک هاوواتا پێدەچێت بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا ( la nation and l'état)باو بێت، کە دوو زمانی بنەڕەتی دیپلۆماسی نێودەوڵەتییە لە سەدەی ١٨ تا بیست و یەکەم.2

زمانەکانی تر زۆرجار دەستەوشەی "nation " و "state " لەخۆدەگرن کە زۆر جیاوازتر دەمێننەوە و ئەوەندە بەیەکەوە ناگۆڕدرێن، وەک dawlat ("دەوڵەت" بە عەرەبی و کوردی، devletبە تورکی) و ئوما ("nation " بە عەرەبی، ئەگەرچی لە کۆمەڵگەی باوەڕدارانی ئیسلام، دوو مانای هەیە کە هەندێک بە لەبار دەزانن بۆ پەرەپێدانی فۆرمەکانی ئیسلامیی لە ناسیۆنالیزم)، میللەت (تورکی)، یان نەتەوە (کوردی). لە زمانی عیبریی مۆدێرن دا، دەستەواژەی am yisrael ئاماژەیە بۆ "نەتەوەی ئیسرائیل" لە مۆدێرنیتەوە تا سەردەمی دێرین (لە سەردەمی پاشا داود و سلێمان)، لە کاتێکدا وشەی عیبری medina "مەدینە" تەنیا دەتوانێت بە مانای زۆر مۆدێرن بە مانای "دەوڵەت" بێت.

بەهەڵە ناونانی هەر یەکەیان واتە نەتەوە، دەوڵەت، یان دەوڵەت-نەتەوە، چۆنیەتی وەرگرتنی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەگۆڕێت. دەستنیشانکردن وەک "دەوڵەت" پێویستی بە جێبەجێکردنی پێوەرە یاساییە تایبەتەکان هەیە، بەپێچەوانەی خراپبەکارهێنانی گشتی لە دەستەوشەیەک. خاوەندارێتی لە سەروەری خاک(هەریمی سەربەخۆ)، دانیشتووانی سەقامگیر، حکومەتێکی پەسەندکراو و دانپێدانانی یاسایی، دەوڵەتەکان لە لایەنە نادەوڵەتییەکان جیا دەکاتەوە. هەرچەندە ئاوارتەگەلێک بۆ ئەم پێوەرانە هەن، بەڵام زۆربەی دەوڵەتەکان هەرکام لەم لایەنانەی پێناسەی دەوڵەتبوونیان تێدایە. بەهەمانشێوە، ناونانی کۆمەڵگەیەک بە "نەتەوە" هەندێک چاوەڕوانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. دەستەوشەی "نەتەوە"، لە کاتێکدا پێناسەیەکی ڕوونی وەک دەوڵەت نییە، بەڵام ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەیەک کە ئەزموونێکی بەکۆمەڵ (لە ڕێگەی مێژوو، کولتوور، زمان، ئێتنیسیتە، یان

تایبەتمەندییەکی دیکەی هاوبەشەوە)ی هەیە کە خۆی وەک جیاوازتر لە ئەوانی تر دەبینێت. سەرەڕای ئەوە، دەستەوشەی "دەوڵەت-نەتەوە" دەبێ ئاماژە بە دەوڵەتێک بکات کە سنووری جیۆپۆلیتیکییەکانی بە باشی لەگەڵ تاکە نەتەوەی خۆیدا (یان بە شێوەیەکی جەوهەری باڵادەست) گونجاو بێت، نەک وەک هاوواتایەک بۆ هەر وڵاتێک بەکاربهێنرێت. ئاماژەکردن بە دەوڵەتێکی ناهاوچەشن(نایەکدەست) وەک "دەوڵەت-نەتەوە"، خەسارێکە بە کۆمەڵگای هەمەچەشنی(نایەکدەستی) ناو سنوورەکانی. تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان نەتەوە و دەوڵەت و دەوڵەتە نەتەوەییەکان سەرەتا پێویستی بە تێگەیشتن و بەکارهێنانی دروستی ئەم دەستەوشانەیە هەیە. بەهۆی سروشتی سەریەککەوتنی ئەم قەوارانە، کارلێکەکانی نێوان دەوڵەتان و گەلان لە کاروباری نێودەوڵەتیدا بە بەردەوامی دەمێنێتەوە. دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان، نەتەوە فرەدەوڵەتییەکان و دەوڵەت-نەتەوەکانی خوازراو دەرفەتی زۆر بۆ دەوڵەتەکان و نەتەوەکان دەرەخسێنن بۆ کارلێککردن. لە هەلومەرجی جیاجیادا دەوڵەت و نەتەوەکان دەتوانن یان قازانج یان زیان بۆ یەکتر بن (یان ڕەنگە هەندێک جار هەردووکیان). پەیوەندی لەبار لە نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتەکاندا دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە دواتر ئاسایش بۆ نەتەوە دابین دەکات و هاوکات یارمەتیدەرە لە پەرەپێدانی دڵسۆزی بۆ دەوڵەت. بەڵام ئەم جۆرە ڕێکخستنە بە قازانجی دوولایەنە هەمیشە لەگەڵ پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی و دامەزراوەی سیاسی دەوڵەتدا ناگونجێت. کاتێک دەوڵەتان و نەتەوەکان لە بەرژەوەندی یەکتردا هەلسوکەوت نەکەن (یان بەوردی بڵێین ئەو نوخبەی سەرکردایەتی دەوڵەتان و گەلانی جێباس) و یەکتر وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان ببینن.

زۆرێک لە گەلان و گروپە کەمینەکان ڕووبەڕووی سەرکوت دەبنەوە و لەوەش خراپتر لەسەر دەستی دەوڵەتێک کە ئارەزووی یەکدەستکردنی دانیشتووانی دەکات. ئەو شێوازە وردانەی کە دەوڵەت بەکاری دەهێنێت بریتین لە پەروەردەی ستاندارد، چاپی بەکۆمەڵ و بەکارهێنانی میدیای دەوڵەتی بۆ پێشخستنی کارنامەی سیاسەت بۆ بنیاتنانی ناسیۆنالیزم و ڕوانگەی لەبار لەهەمبەر دەوڵەت. لە دەرەوەی ئەمەش، ئەو دەوڵەتانەی کە بەدوای سەرکوتی  کۆمەڵگای کەمینەکانن، نەریتە کولتوورییەکانیان سنووردار کردووە یان قەدەغەیان کردووە و داوایان کردووە شێوازی ژیانی پەسەندکراوی دەوڵەت بگرنەبەر. زۆرجار ئاسمیلەکردنی زۆرەملێ لە شێوەی قەدەغەکردنی زمان و پراکتیزە ئاینییەکان و داب و نەریتی دیکەدا دێت، کە لەگەڵ شێوازە ئیجبارییەکانی دووبارە پەروەردەکردنەوەدا هاوجووت دەبێت.

هەروەها دەوڵەتان ڕێگایەکی قێزەونتریان گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکدەست پەرەپێبدەن، بە کەڵکوەرگرتن لە کۆچپێکردنی بەرفراوان و ئاوارەبوونی زۆرەملێیانە و کوشتنی بەکۆمەڵ. دەوڵەتەکان لە بەکارهێنانی ئەم شێوازە ناشرینانەی پاکتاوکردنی نەتەوەیی و جینۆسایددا، ڕەنگە کاردانەوەی بەرچاو (و ڕەوا) لەلایەن گروپە کەمینەکانەوە دروست بکەن. ململانێی

دواتر گرنگی زانین و بەکارهێنانی دەستەوشەی نەتەوە، دەوڵەت و دەوڵەت-نەتەوە بە شێوەیەکی دروست نیشان دەدات. مرۆڤ ناتوانێت بەڕاستی وردەکارییەکانی کاروباری دەوڵەت و گەلان بەرز نرخێنێت لە کاتێکدا تێگەیشتنێکی وردی لە مانای هەر دەستەوشەیەک نەبێت. نەتەوە و دەوڵەتەکان بوون و قەوارەی جیاوازن ئەگەرچی بە شێوەیەکی سەریەککەوتوو بوونیان هەیە کە سنووره جیۆپۆلیتیکییەکانی دەوڵەتەکان لەسەر نەتەوەکانی پێشوو یان گەشەسەندوودا داپۆشراون. ئەو دووانە لەم پێگەیەدا دەمێننەوە بەبێ ئەوەی بە ڕێکوپێکی یان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ یەکتر بگونجێن، تەنها لە حاڵەتی وادانراوی دەوڵەت-نەتەوەکاندا نەبێت. زانینی ئەوەی کە هەرکام لەم دەستەوشانە چی پێکدەهێنێت، یەکەم هەنگاوە بۆ تێگەیشتن لە کارلێکەکانی دەرئەنجامی نێوان گەلان و ئەو دەوڵەتانەی کە سنوورەکانیان دەبڕن.

تێبینی

١.لێکۆڵەرانی کورد وەک ڕێناس (2020، ل112-120) ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد زۆرینەی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانە پێکدەهێنن کە زێدی مێژوویی خۆیانە. لە ڕاستیدا، ئەوە سروشتی دەوڵەت-تەوەری یاسای نێودەوڵەتی و سیاسەتی نێودەوڵەتییە کە کوردیان کردووە بە "کەمینە" لە دەوڵەتەکانی گەلانی تردا. لە ڕوانگەی ئەوانەی وەک ڕێناس و کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بێشیکچی (١٩٩٢)، سیستەمی نێودەوڵەتی- بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە- چالاکانە کاردەکات بۆ ئەوەی بە زۆرەملێ کورد وەک کەمینە بمێنێتەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها شەرعیەتی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بۆ دانیشتوانی کۆلۆنیەکانی ئەوروپی ناس کردووە نەک هی ئەوانی تر کە لەلایەن کەسانی نائەوروپییەوە کۆلۆنی کراون، وەک کورد (هەرچەندە دەوڵەتانی عێراق و سوریا لەلایەن زلهێزەکانی ئەوروپاوە دروست کراون، کە دواتر دەستیان داوە بە کۆلۆنیکردنی "کەمینە" کوردەکانیان).

٢. وادیارە چینی ماندارین وەک هاوواتایەک مامەڵە لەگەڵ ئەو دووانەدا دەکات، بەڵام نووسەران بەهۆی نەبوونی شارەزایی لە زمانی چینیدا لە دۆخێکدا نین کە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو جۆرە ئیدیعایانە بکەن.

**Further Reading**

**On nationalism**:

Anderson, B. (1983). Imagined communities. Verso Publications.

Gellner, E. (1983). Nations and nationalism. Cornell University Press.

Smith, A. D. (1995, March). Gastronomy or geology? The role of nationalism in the reconstruction of nations. Nations and Nationalism, 1(1).
Weber, E. (1976). Peasants into Frenchmen: The modernization of rural France, 1870–1914. Stanford University Press.
On the importance of language for understanding nationalism and other identities in the Middle East: Lewis, B. (1998). The multiple identities of the Middle East. Phoenix.
For an argument on how the state in the Middle East and Central Asia created nations and not vice versa: Cole, J., & Kandiyoti, D. (2002). Nationalism and the colonial legacy in the Middle East and Central Asia: Introduction. International Journal of Middle East Studies, 34(2).

On various political arrangements to manage multinational states: Boulden, J., & Kymlicka, W. (Eds.). (2015). International approaches to governing ethnic diversity. Oxford University Press. Norman, W. (2006). Negotiating nationalism: Nation-building, federalism, and secession in the multinational state. Oxford University Press.
On states, why and how they fail, and how they might be better constructed: Zartman, I. W. (1995). Collapsed states: The disintegration and restoration of legitimate authority. Lynne Rienner

**References**


Acemoglu, D., & Robinson, J. A. (2012). Why nations fail: The origins of power, prosperity and poverty. Crown Business.
Anderson, B. (1983). Imagined communities. Verso Publications.
Beissinger, M. R., & Young, C. (2002). Beyond state crisis? Post-colonial Africa and post-Soviet Eurasia in comparative perspective. Woodrow Wilson Center Press.
Beşikçi, İ. (1992). Kürdistan üzerinde emperyalist bölüşüm mücadelesi, 1915–1925. Yurt Kitap-Yayın.
Connor, W. (1970). Ethnic nationalism as a political force. World Affairs, 133(2), 91–97.
Gellner, E. (1964). Thought and change. University of Chicago Press. Gellner, E. (1983). Nations and nationalism. Cornell University Press.
Guibernau, M. (1996) Nationalisms. Polity Press.
قاسملوو، عەبدولرەحمان. ([١٩٧٣] ٢٠٠٤). کوردستان و کورد. وەرگێر: عەبدواڵ حەسەن زادە. سوید. (A, Ghassemlou . 2004)
HRW (Human Rights Watch). (2021). Rohingya
Kaplan, S. D. (2008). Fixing fragile states: A new paradigm for development. Praeger Security International.
Krasner, S. (1999). Sovereignty: Organized hypocrisy. Princeton University Press.

Nabaz, J. (2007). Identity and the Problem of Kurdish Nationalism (2nd. Erbil.). Soran Bookstore Publication. (in Kurdish)
بڵاوکراوەی . هەولێر . چاپی دووهەم . کۆبەرهەم ژمارە ٤ . ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی
کورد . (٢٠٠٧ (نەبەز، جەماڵ). -- کتێبفرۆشی سۆران

Norman, W. (1999). Theorizing nationalism (normatively): The first steps. In R. Beiner (Ed.), Theorizing nationalism (pp. 51–66). State University of New York Press.

Ocalan, A. (2011). Prison writings: The PKK and the Kurdish question in the 21st century. Transmedia Publishing.

Paul, J. (1996). Nation formation: Towards a theory of abstract community. SAGE.

Renas, S. (2020). The crisis of national identity in the Kurdistan movement. Politiea Magazine, 2(4) (in Kurdish)ڕێناسساڵی . گۆڤاری ئینتێرنێتیی پۆلیتیا . "قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی لە
بزووتنەوەی کوردستاندا" (٢٠٢٠ (سیروان)

Rotberg, R. I. (2003). State failure and state weakness in a time of terror. World Peace Foundation.

Rotberg, R. I. (2004). When states fail: Causes and consequences. Princeton University Press.

Taylor, A. (2013). State failure. Palgrave Macmillan.

Truth and Reconciliation Commission. (2015). Canada's residential schools, missing children and unmarked burials: The final report of the Truth and Reconciliation Commission of Canada . Published for the Truth and Reconciliation Commission of Canada by McGill-Queen's University Press.

UNHCR (United Nations High Commissioner for Refugees). (2021). Rohingya emergency.

Weber, M. (1946). From Max Weber: Essays in sociology. In H. Gerth & C. W. Mills (Eds.), Politics as .vocation (pp. 77–128). Oxford University Press

Zartman, I. W. (1995). Collapsed states: The disintegration and restoration of legitimate authority. Lynne Rienner.